# دادگای هەولێر و خوڕەی ماستاو

حەمەسەعید حەسەن

بە دەم وەڵامدانەوەی پەلاماردانەکانتەوە، هەندێک دەرسی کوردیشت دادەدەم. (رەمزی شانازی کوردە.) نیوەی دووەمی سەردێڕی دوا باسی تۆیە. سەرنج بدە چەند هەڵەی تێدایە:

(١) رەمز، نا ڕەمز!

(٢) ڕەمز، عەرەبییە، بە کوردی دەبێتە: نیشانە یان هێما.

(٣) شانازی نا، شانازیی ڕاستە. واتا: ڕەمزی شانازیی کوردە.

(٤) بە ڕاست من نابەڵەدم، لە کەنگێوە، دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر، بووەتە ڕەمزی شانازیی کورد؟ لەو سەعاتی سفرەوە کە تۆی تەویلل عومر ٤٨ دەمژمێرت بۆ بەندە دەستنیشان کرد، تا تێیدا پاشگەز ببمەوە، ئەگەر نا دەبێت توولل عومر گوندۆرە بە ئەژنۆ بشکێنم؟ خۆ جاران لە کن هەڤالانت ڕۆژی لە دایکبوونی پارتی، مستەفا بارزانی، شۆڕشی ئەیلوول، ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠، شۆڕشی گوڵان و ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ نیشانەکانی شانازیی کورد بوون! ناڵێم بە تەواوی دەست لە ماستاوساردکرنەوە هەڵبگرە، دەزانم ئەوە مەحاڵە، دەڵێم: کەمی بکەوە! دادگایەک پارێزەری داد بێت، گوێ بۆ خوڕەی ماستاو شل ناکات.

پەرلەمانی کوردستان و ڕژێمی هەرێم، زادەی ڕووباری خوێنی شەهیدان و ڕاپەڕینە مەزنەکە نەبوون، زادەی ئەو گەوجێتییەی سەددام بوون کە کوێتی داگیر کرد، زادەی گەردەلوولی بیابان بوون، کە شکۆی سەددامی شکاند و سوپای عێراقی لە کوێت وەدەرنا، زادەی ئەو زوونە ئارامە بوون، کە بە زەبری کۆڕەو، هاوپەیمانان بۆ کوردیان دابین کرد. دوو ئیدارەکەی کوردستانیش زادەی شەڕی نێوخۆن، ئەو شەڕەی خوێنی هەزاران کوردی تێدا بە فیرۆ ڕژا. ئەو شەڕەی بەوە دوایی هات، بارزانی و تاڵەبانی داوای لێ بوردنیان لە گەلی کورد کرد، ئەگەر چی هێشتا ساغ نەبووەتەوە، کورد لێیان خۆش بووە یان نا؟ مێژووش چونکە بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە، پێ ناچێت لێیان ببوورێت. ئەوە تۆ لە کام هۆتێل نوستوویت؟ بە ڕاست ئاگاداری ئەوە نیت کە پەرلەمانی کوردستان، لەمێژە عەمارەپۆ و بێعەمەل بووە!

دەڵێیت: (ئەگەر ئینتیمات بە کوردستانی عێراقەوە مابێت.)

(١) ئەگەر ئینتیمات بۆ کوردستانی عێراق مابێت، ڕاستە.

(٢) من کوردستانێک ناناسم، هی عێراق بێت، باشووری کوردستان، بە شێکە لە کوردستانی مەزن.

نووسیوتە: (حاشا لە ئینتیمای کوردستانیت دەکەیت.) نا، من کوردستانیم، حاشا لە وابەستەییم بە عێراقەوە دەکەم. ئەوە تۆ بوویت بیست و یەک ساڵ بەر لە ئێستا دروست لە ١٩٨٣/٢/٢٦ دا، حاشات لە کوردستانیبوونت کرد، ئەو کاتەی لە بەردەم دێوی ترسدا بە چۆکدا هاتیت و دەنگت بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد دا و لە یەکێتیی نووسەرانی بەعسدا بوویتە ئەندام. ئەوە من بووم بە توندی دژی ئەو گوشارەی بەعس وەستامەوە و هەر لە سۆنگەی ئەو هەڵوێستەشمەوە، بەعس ڕاوی نام. ئەو ڕۆژە

www.kurdistannet.org

بەعس، من و تۆی لە بەردەم دووڕیانێکدا ڕاگرت، تۆ ملی ڕێگای عورووبەت گرت و منیش ڕووم کردە چیا.

جیاوازیی سەرەکی نێوان من و تۆ، ئەوسا و ئێستاش هەر هەمان شتە، ئەوە نییە تۆ ئێستاش دەنووسیت: کوردستانی عێراق؟ دەزانیت ئەوە لەنێو کوردستانییەکاندا، دەکەوێتە خانەی ناپاکییەوە؟

منێک لە هەڵەبجە، پاییزی ١٩٧٦ بە بەرچاوی هەموو مامۆستایانی هەڵەبجە و شارەزوورەوە، لە دژی بە عەرەبیکردنی خوێندنی کوردی و کردنەوەی قوتابخانەی عەرەبی لە کوردستاندا، بە گژ بەعسییەکاندا چوومەوە و لەسەر ئەو هەڵوێستەم، لە سەییدسادق لە گەرماوێکی میللیدا، مەفرەزەیەکی هێزی تایبەت لە کاتێکدا تەڕ و ڕووتوقووت بووم، بە بەرچاوی خەڵکەوە، تا تاقەتیان چوو، بە شەق و بە دار و بە قۆناغەتفەنگ لێیان دام، کەچی تۆ گومان لە کوردبوونی من دەکەیت، کە هەرگیز لە گوڵ کاڵترت بە بەعس نەگوتووە! کە هەرگیز بەعس بە گوڵیش لێی نەداویت!

چارەنووسی عودەی کە ناسنامەی عێراقیبوونی لە جەواهیری و بەیاتی سەندەوە، چەند ڕووناک بوو، داهاتووی ئەتۆش کە ناسنامەی کوردستانیبوون لە من دەستێنیتەوە، هەر هێندە ڕۆشن دەبێت. تۆ سەرقاڵی شەڕێکیت کە پێشەکی دەزانیت، دەیدۆڕێنیت. ئەو نووسەرانەی داکۆکییان لێ کردم، قوتابیم نەبوون، هاوڕێ و هاوبۆچوونم بوون. ئەوان بەو ناوانەوە کە پێوەی ناسراون، هەقیان گوت. تۆ چونکە ڕابردووت ڕووناک نییە، چونکە لە سەنگەری دەسەڵاتەوە تەقە دەکەیت، خاوەنقەڵەمێک پەیدا نابێت، بە ناوی خۆیەوە داکۆکیت لێ بکات. ئەو زارپۆخڵانەشی لایەنی تۆیان گرت، ئەگەر ڕابردووشیان وەک زاریان نەبووایە، بە ناوی خۆیانەوە دەهاتنە مەیدانەوە. فایلی من هێندە خاوێن بوو، دوای ڕاپەڕین، شیوعییەکانی سلێمانی بە شیاوی ئەوەیان زانی، لە پێشانگادا نیشانی بدەن. ورد ورد بگەڕێ، بزانە بە دەفتەری ژیانتەوە، لاپەڕەیەکی گەش دەبینیتەوە؟

دڵشاد مەریوانی دەیویست قوتابییەکانی فێری ئەوە بکات، بزانن چۆن کوردی بە پیتی لاتینیش بنووسن، بەعس لەسەر ئەوە تیرۆری کرد. بەعس تەنانەت پیرەمێردێکی پەپوولەئاسای وەک مامۆستا شاکیر فەتتاحیشی تیرۆر کرد، ئەوە چۆنە ئەو حیزبە فاشستە لە نێوانی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و ڕاپەڕیندا کە دەکاتە شازدە ساڵ، هیچ زیانێکی بە تۆی هێمای بەرەنگاربوونەوە، نەگەیاند؟

هاوینی ١٩٨٣ لەبری خودی سەددام حسێن، بابەکر پشدەری کە وەک نوێنەری دیکتاتۆر سەردانی سلێمانیی کردبوو، بە نووسراوێک، کە واژۆی بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانیشی پێوە بوو، ئەمنستی بۆ دەرکردبووم و وەک دەزانیت فەرامۆشم کرد، ئیدی چۆن بە هیوای ئەوەیت، سوود لە ئەمنستییەک وەربگرم کە کلۆڵێکی وەک تۆ بۆی دەرکردووم!

دەشێت درێژەی ببێت و سەبەتەی داهاتوو هێلکەی دووزەردێنەشی تێدا بێت.

2003. 03. 20